# باسی فەزڵی موسڵمانە لاواز و هەژارەکان

[ کردي – کوردی – kurdish ]


پشتیوان صابر عزیز



2014 - 1436

# باب فضل ضعفة المسلمين والفقراء

« باللغة الكردية »

**بشتيوان صابر عزيز**

2014 - 1436

IslamHouse.com

# باسی فەزڵی موسڵمانە لاواز و هەژارەکان

**ئایەتی قورئانی پیرۆز:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَاصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ وَلا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ ﴾ [ الكهف : ٢٨ ]

.

واتە: خۆت ڕاگرە لەگەڵ ئەوانەی لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە (و دەیپەرستن) بەیانیان و ئێواران کە مەبەستیان ڕەزامەندی خوایە چاوەکانت لەوان لامەدە و وەرمەگێڕە (بۆ کەسانی بێ باوەڕی دەوڵەمەند) کە جوانی و ڕازاوەیی ژیانی ئەم دنیای دەوێت و بەگوێی کەسێك مەکە کە دڵیمان لە یادی خۆمان بێ ئاگا کردووە و شوێنی هەواو ئارەزووی خۆی کەوتووە هەموو کارەکانی خراپ و لە سنوور دەرچووە.

**فەرموودەی پێغەمبەرﷺ:**

عَنْ حَارِثَةَ بْنَ وَهْبٍ (رضي الله عنه): سَمِعَ النَّبِيَّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِأَهْلِ الْجُنَّةِ). قَالُوا: بَلَى، قَالَ (صلى الله عليه وسلم): (كُلُّ ضَعِيفٍ مُتَضَعِّفٍ، لَوْ أَقْسَمَ عَلَى اللهِ لَأَبَرَّهُ). ثُمَّ قَالَ: (أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِأَهْلِ النَّارِ). قَالُوا: بَلَى، قَالَ: (كُلُّ عُتُلٍّ جَوَّاظٍ مُسْتَكْبِرٍ). [مُتَّفَقٌ عَلَيهِ].

واتـه: لـه(حـارثـه)ی کوڕی (وهب)(خوای لـێ ڕازی بێت) گوێی لـه پێغـەمبـەر (صلـی اللـه علیـه وسلم) بووه کە فەرموویەتـی: (پێتـان بڵێم بـەهـەشتیـەکان کامانـەن) وتیان: بـەڵـێ، فـەرمووی: (هـەموو کـەسێکـی لاوازی خۆ بـەلاواز زان، کە ئـەگـەر سوێند لـەسـەر خوا بخوات داواکـەی بۆ جێبـەجـێ ئـەکات). پاشان فـەرمووی: (پێتـان بڵێم دۆزەخییـەکان کامانـەن) وتیان: بـەڵـێ، فـەرمووی: (هـەموو کـەلـلـە ڕەقێکـی چاوبرسی خۆ پـەرستـی لـە خۆبـایـی خۆبـەزل زان).

**ڕاڤە وروونکردنـەوە:**

یەکەم: لاوازی وهەژاری تەقدیری خوایە لەسەر مرۆڤ، بەڵام گرنگ ئەوەیە مرۆڤ دڵ ڕەق وخۆی بەگەورە نەزانێت و لای خوای گەورە بە هێز وخاوەن پلە وپایە بێت.

دووەم: مرۆڤی موسڵمان دەبێت لەگەڵ ئەو کەسانە بێت – هەژار بێت یان دەوڵەمەند - کە یادی خوای گەورە دەکەن بەشەو ورۆژ.

سێهەم: لە نیشانەکانی ئەهلی بەهەشت، هەموو کەسێکی لاوازی خۆ بەلاواز زان، بە مانای ئەوەی گرنگی نەداتە خۆشی وپلەوپایەکانی ژیانی دونیا بەڵام خەمی بەدەست هێنانی رەزامەندی خوا وچونە بەهەشتە.

چوارەم: هەندێ موسڵمان هەن ئەگەر سوێند لەسەر خوا بخوات داواکەی بۆ جێبەجێ ئەکات، لەبەر ئەوەی سیقەی تەواوی هەیە بە خوای گەورە.

پێنجەم: لە نیشانەکانی ئەهلی ئاگر و دۆزەخ، هەموو کەللە ڕەقێکی چاوبرسی خۆ پەرستی لە خۆبایی وخۆبەزل زان.

داواکارم لە خوای گەورە بەهەشتی بەرینمان پێ ببەخشیت و دوورمان کاتەوە لە ئاگری دۆزەخ.